

# مەلەک ڕۆژهات گۆرانییەک بە چوار زاراوە و چوار ئاوازی جیا دەڵێت

مەلەک ڕۆژهات سەرەڕای ئەوەی بە تەمەن بچووکە، بەڵام خاوەن دەنگ بەهرەیەکی بێ وێنەیە لە گۆرانی گوتن، و بە شایەدی زۆر لە شارەزایانی بواری هونەری کوردی یەکێك دەبێت لە کچە هونەرمەندە هەرە سەرکەوتووەکانی کورد ئەگەر بەردەوام بێت، ئێستا مەلەك بە هاوکاری هۆزانڤان و هونەرمەند سەمیر نزاری خۆی بۆ گۆرانییەکی نەتەوەیی ئامادە دەکات، کە خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی هونەری و نەتەوەیی گەورەیە و پێشبینی دەکرێت دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبێت، لە هەمان کاتدا ویب سایتێکی نوێی کردۆتەوە کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانییە ئەویش دەکەوێتە کار، بۆیە بە پێویستمان زانی دەربارەی ئەم کارە نوێیە و چەند پرسێکی دیکە ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

***بەر لەوەی بێیتە نێو بواری هونەرییەوە خۆت ئامادە کردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان؟**

- بەر لەوەی بێمە نێو بواری گۆرانی گوتن و هونەر من مامۆستای قورئان بووم و ئێستاش بەردەوامم و بۆ من ئەمە کارێکی زۆر پیرۆزە و هەر لە قورئان خوێندنەوە هەستم بە دەنگخۆشی خۆم کرد، حەزم کرد شتێکی گەورە پێشکەش بکەم کە بی دڵی خۆم بێت، خانەوادەکەم زۆر ڕێگر بوون بۆ من، و خۆیشم هەست بە ئازارەکانی ئافرەتی کورد دەکەم و دەبینم ڕۆژانە کچی کورد خۆیان دەکوژن یان خۆیان دەسووتێنن یانیش ڕوو لە چیاکان دەکەن، بۆیە زۆر هەست بە ئێش و ئازارەکانی کچی کورد دەکەم، من ئەو کاردانەوەی ئافرەتی کورد بەرامبەر بە کۆمەڵگا بە کارێکی ناوشیار و دوور لە ژیری و بیرکردنەوە دادەنێم (بە داوای لێبوردنەوە بۆ ئافرەتانی کورد) بەڵام دەبێ ئافرەت بزانێت مافی خۆی چییە و ملکەچ نەبێت بۆ دابونەریت و ئاستەنگەکانی کۆمەڵگا، چونکە مرۆڤ بە خەبات وهەوڵدان بە گشت ئاواتەکانی خۆی دەگات لە ژیان ئەگەر بەشێوەیەکی ژیرانە بیر بکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە ئافرەتانمان دووچاری ڕێگری و ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لە لایەن کۆمەڵگاوە و سەرەتاش لە لایەن خانەوادەی خۆیەوە، هەر ئافرەتێکی گۆرانیبێژ ئەگەر لەسەر شانۆ دەرکەوت هەرچییەك بێت قسە و ناو وناتۆرەی زۆریان دەربارە دەکرێت ئەمەش بارێکی دەروونی ناخۆش و سەختی لە لێ دروست دەبێت، بەر لەوەی من بێمە نێو بواری هونەرەوە بیرم لە هەموو شتێك کردبۆوە تەنانەت بیرم لەوە دەکردەوە لەوانەیە خانەوادەکەم ئەوەندە ناڕازی بن بەوەی گۆران دەڵێم کە بگاتە ڕادەی ئەوەی ڕەتم بکەنەوە، کەسوکارم لێم زویر بن و لێم سارد ببنەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەشم لەبەر چاو بوو ئەگەر من بتوانم کارێکی باش ئەنجام بدەم و پێش بکەوم میللەت خۆشەویستی خۆیم پێ دەبەخشێت.

***وەك گوتمان هونەر خۆی بۆ ئافرەت کارێکی سەختە، بەڵام بۆ تۆ کە مامۆستای قورئان خوێندن بووی ئەو گرفتە تا چەند زەحمەتتر بوو؟**

- بێگومان گرفت و ناخۆشییەکانی زۆر زیاتر بۆ من ئەو کات چواردە قوتابی قورئانم هەبوو لە هەمان کاتدا زمانی کوردیشم دەخوێند خانەوادەکەشم حەزیان نەدەکرد من ببم بە گۆرانیبێژ و کاریگەرییەکی زۆریشیان بەسەر منەوە هەبوو، بۆیە منیشیان سارد دەکردەوە، هەرچەندە من بیرم لەوە نەدەکردەوە کە واز لە مامۆستایەتی قورئان بهێنم، چونکە کارێکی زۆر پیرۆزە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتم نەبوو هیچ قوتابی دیکەم وەرنەگرت.

*** دوای کلیپی ( گەریانەك) بۆ ماوەیەك تۆ ون بووی، هۆکاری ئەم ون بوونە چی بوو؟**

-ساڵی پار لە کوردستان چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرت و دیمانەی جیاجیام ساز کرد و لەبەر ئەوەی تەکنیکی دەنگ لێرە زۆر باش نییە من زۆر ماندوو بووم و دەنگیشم زۆر تێکچووبوو، هەروەها من خۆیشم بڕیارمدا لە ساڵی داهاتوو بە کارێکی نوێوە دەربکەوم و چیتر گۆرانی کەسانی تر نەڵێمەوە، بەڵام بەر لەوەی بێمە کوردستان دووچاری هەندێك گرفتی سیاسی بوومەوە بۆیە کاتێك گەڕامەوە تورکیا لەبەر ئەوەی لە کۆنسێرتێکدا جامانەی سوورم لە مل کردبوو و لە فیستیڤاڵێك لە هەولێر ئاڵای کوردستانم بەرز کردبۆوە و ئاهەنگەش ڕاستەوخۆ دەگوازرایەوە من و خانەوادەکەم تووشی گرفت بووینەوە لە تورکیا جگە لەمانەش باوکم دووچاری ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو ئەمانە هەموویان هۆکاری دوورکەوتنەوە و ون بوون من بوون.

*** ئەو گرفتە سیاسییانە چی بوون؟**

- من چەند جارێك خرامە ژێر چاودێرییەوە و ڕووبەڕووی دادگا بوومەوە و پارەیەکی زۆرم دا تا لەو کێشانە ڕزگارم بێت، مخابن تا ئێستا ئەو گرفتانە هەر بەردەوامن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ چوارەمین جار بێمەوە کوردستان، چونکە من حەز دەکەم بەرهەمێك پێشکەش بکەم کە لەسەر ئەرك و ماندوو بوونی خۆم بێت.

*** باست لە بەرهەمی خۆت کرد، ئایا ئێستا چی نوێت لەبەر دەستە؟**


- ئێستا خەریکی کارکردنم لە بەرهەمی تایبەتی خۆم، بەڵام ناتوانم بڵێم بەرهەمەکەم گەیشتۆتە چ قۆناغێك.

*** جگە لەم بەرهەمە بیستوومانە خەریکی کارکردنی لە گۆرانییەکی نوێی تایبەت و جیاواز دەکرێ هەندێك باسی ئەو بەرهەمەمان بۆ بکەیت؟**

- بەڵێ ئێستا خەریکی کلیپێکی نوێم کە لە چوار زاراوەی کوردی و چوار ئاوازی ڕێتمی جیا پێکدێت واتە یەك گۆرانییە بە چوار زاراوە و دەقۆك ئەوانیش سۆرانی، کرمانجی، هەورامی، زازاکی، ماوەیەکی زۆرە کار لەم کلیپە دەکەین و ئێستا ئەم گۆرانییە گەیشتۆتە قۆناغی کلیپ کردن و وێنەکانیش لە بارزان و هەورامان و هەولێر و ئەشکەوتی شانەدەر، ئەوەی پەیوەندی بە زازاکییەوە هەیە هەوڵ دەدەین کلتوورییان پێشکەش بکەین لەگەڵ قەڵای هەولێر و قەڵای دمدم و لەوانەیە چەند دیمەنێکیش لە شاری کەرکوك وێنە بگرین و شتێکی نوێ و مۆدێرن کە مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردی تێدا بەرجەستە بێت بێگومان کلیپ کردنی گۆرانییەکی لەم جۆرەش کارێکی ئاسان نییە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە خەرجی ئەم گۆرانییە زیاتر لە ١٠ هەزار دۆلارە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی کاك سەمیر نزاری بکەم کە

**لەبەر ئەوەی لە کۆنسێرتێکدا جامانەی سوورم لە مل کردبوو و لە فیستیڤاڵێک لە هەولێر ئاڵای کوردستانم بەرز کردبۆوە و ئاهەنگەش ڕاستەوخۆ دەگوازرایەوە من و خانەوادەکەم تووشی گرفت بووینەوە لە تورکیا**





زۆر زەحمەتە کچێکی کورد بکەوێتە زیندانی دەوڵەتی تورکیا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کۆڵم نەدا

هۆنراوە و ئاوازی داناوە تەنیا ئاوازە کرمانجییەکە نەبێــت کە من خۆم دامناوە بەڕێزان د.محەمەد زازا و ئەدیب چەلکی، مامۆستا دارا هەورامی، ئاوات هەورامی، عارف چۆپان دەزگای هەرمان بە گشــتی وکاك فاخیر مەلا عەلی بەتایبەتی کە هاوکارییەکی زۆریان کردین.

*** بۆ کچێکی خەڵکــی وان گۆرانی گوتن بە زاراوەی ســۆرانی و هەورامی کارێکی زەحمەت نەبوو؟**

- کاتێــك کاك ســەمیر نــزاری پێــی گوتم گۆرانییەکی بەم شــێوەیەم بۆ ئامادە کردووی، من بڕوایەکی زۆرم بە خۆ هەبوو کە بتوانم تێیدا ســەرکەوتوو دەبم، بۆیە بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئــەدا کردنی بۆ من دەبێتــە کارێکی زەحمەت لە رووی فۆنەتیــك و ئەداکردنی هەورامی یان ســۆرانی، چونکە ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خۆ هەبێت دەتوانێت هەموو کارێك بکات.

*** چــی وای لێکردی بە گوتنی گۆرانییەکی بەو شێوەیە رازی بیت؟**

- هەرچەنــدە من بە تەمــەن بچووکم، بەڵام تا ئێســتا زەحمەتی زۆرم بینیوە لە ژیان و بەسەر هەموو ئاستەگەکانیشــدا زاڵ بوو ئەمەش زۆر گرنگە، چونکــە هەموو گۆرانیبێژێك دەتوانێت گۆرانی ئاسان بڵێت من حەز دەکەم شتی باشتر پێشــکەش بکەم و لە ئێســتا و پاشەڕۆژیشدا، ســەرەتا ئەدا کردنی بۆ من زەحمەت بوو، بەڵام من دوای چەند جارێك هەوڵدان توانیم بەســەر ئەو ئاســتەگانەدا زاڵ بم، بەڵام لە فۆنەتیکدا باش بووم، هەروەها سەمیر نزاری جگە لە دانانی ئاواز و هۆنراوەکە لە بواری فۆنەتیکیشدا سەمیر زۆر یارمەتیدام .

*** چ پەیامێکت هەیە لە رێگای ئەو گۆرانییەدا پێشکەشی بکەی؟**

- مــن دەمتوانــی گۆرانییەکــی ئەڤینداریش بەچوار زاراوە بڵێــم، بەڵام بۆ ئەوەی لاوەکانمان رێــگای نەتەوەیی بگرنە بــەر و ئێمەش دەبێ ئەو رێگایەیان پێ نیشــان بدەیــن، چونکە تا ئێســتا تەنیا یەك پارچەی کوردســتان ئازادە و پارچەکانی دیکەش بندەستن وداگیرکراون و ئەم لە هەڕەشەی دوژمنان بەدوور نییە.

***لەرووی داراییەوە کەس یان لایەنێك هاوکاری کردی؟**

- نەخێر کــەس هاوکاری نەکــردووم، هەروەها بەرهەمەکەشم لەسەر ئەرکی خۆم بووە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ کچە کوردێك، چونکە بارودۆخی من زۆر ســەخت بــوو بەتایبەتی لــە لایەنی تورکیاوە وەك لە پێشــتر باسم برێکی زۆر پارەم خەرج کرد تا لەو گرفتانە رزگار بووم ئەمە جگە لەوەی تووشی ئەشکەنجەیەکی زۆریش هاتمەوە، هەروەها زۆر زەحمەتــە کچێکی کورد بکەوێتە زیندانی دەوڵەتی تورکیا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کۆڵم نەدا و بێ هاوکاری هیچ کەسێك تەنانەت خانەوادەکەشــم توانیم پشت بەخۆم ببەستم و لەو بارودۆخە رزگار ببم.

*** لــە کوردســتان داوای یارمەتیتان لە کەس نەکرد؟**

- بەڵێ زۆر داوام کردووە، بەڵام تا ئێســتا کەس دەرگای یارمەتــی لێ نەکردووینەتەوە، داوام لە وەزارەتی رۆشــنبیری کرد کە لە بەرهەمەکەمدا یارمەتیم بدەن، بەڵام نازانم بۆ هاوکارییان نەکردم، بەڵام هیوادارم بتوانم بەرهەمێکی سەرکەوتوو و باش لە ئەستەنبول چاپ بکەم.

*** بۆچی لە ئەستەنبول؟**


- تەکنیك لە ئەســتەنبول پێشکەوتووە، هەروەها موزیکژانــەکان کە زۆربەیــان خەڵکی باکووری کوردستانن تەنیا ئەوە نییە موزیك بژەنن و تەواو، بەڵکو بە ئیحساســەوە دەیژەنن، ئەوان دەچن ناو روحی موزیکەوە و موزیــك تێکەڵ بە خوێنیان بووە و گرنگییەکی زۆر بە موزیك دەدەن ئەمەش زۆر گرنگە.

***تۆ باست لە یارمەتی نەدان کرد، بەڵام دەبینین هەندێك هونەرمەندی دیکەی ئافرەت هاوکاری دەکرێن لە بەرهەمەکانیان، ئەم جیاوازییە بەڕای تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مــن نامــەوێ زۆر رەخنە لە کــەس بگرم و بە کارێکی نەباشــی دەزانم، چونکە من ئەمڕۆ دەتوانم بە دەفتەر دۆلار وەربگرم، بەڵام دەمەوێ بــێ بەرامبەر ئەگەر بیانەوێ دەنگی گەل بم و ئەوانیش خزمەتی هونەری کوردی بکەن، بەڵام من دەمەوێ کەسایەتی خۆم بپارێزم و لە دەستی نەدەم، زۆر کەس هەوڵیاندا یارمەتیم بدەن، بەڵام من دەمەوێ ئەو یارمەتییە بێ بەرامبەر بێت.

*** زۆر جار باس لە کەسایەتی هونەرمەند دەکرێ ئایا کەسایەتی بۆ هونەرمەند بەتایبەتی ئافرەتان تا چەند گرنگە؟**

- کە باس لە کەسایەتی دەکرێت زۆر لایەنی ژیان دەگرێتەوە، رەوشت، شەرەف، ژیری، جەستە و دڵ و دەروونی مرۆڤ ئەمانە هەموویان لە رەوشتدا خۆیان دەبیننــەوە، ئەگــەر بارودۆخی منیش باش نەبێت بە هەموو شــێوەیەك کەسایەتی خۆم



دەپارێزم و ناوبانگی خۆم بمینێتەوە لە ڕێگای هونەرەوە، چونکە هونەر دەتوانێت خزمەتی میللەت بکات و ئێش و ئازارەکانی میللەتی بهێنێتە زمان، چۆن هونەر بەکار دەهێنرێت بۆ نمایش کردنی لەش و جوانی خۆی، زۆر لە هونەرمەندان لەگەڵ دەوڵەمەندەکان دادەنیشن لە پێناو بەدەستهێنانی پارە ئەمەش دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی هونەرمەندانی ئافرەت، چونکە پارە هەموو شتێکە و لە لایەکیش هیچ نییە، من و سەدان هونەرمەندی ناویان پیس دەبێت، خانەوادەکەم بڕوا و متمانەیەکی زۆریان بە من هەیە کە بە تەنیا بۆ هەر شوێنێك بچم مامم یان بابم لەگەڵم دێن ئەمەش وەك پشتگیرییەك بۆ من هەرچەندە من دەتوانم بە تەنیا بۆ هەر شوێنێك بچم، ئەڵام ئەگەر کچێك بە تەنیا بۆ وڵاتێك بچێت چی پێدەڵێن، هەروەها کچێکی بە تەنیا هیچ کارێکی بۆ ناکرێت .

***هەندێك ئافرەت هەن ئێستا بە ستایلی نوێ گۆرانی دەڵێن و خۆیان بە پێشەنگ دادەنێن؟**

- من ئەم کارانە شەرمەزار دەکەم، چونکە شورەییە بۆ هەر ئافرەتێکی کورد هەوڵ بدات لەشی خۆی نمایش و جوانی لە دەستبدا، پێویستە گۆرانیبێژی ئافرەت ریکلام بۆ دەنگی خۆی بکات و بە دەنگی خۆی خزمەتی هونەری کوردی بکات و دەنگی خۆی پێشکەش بە میللەتەکەی خۆی بکات، من ئەم کارەم نەکردووە، بەڵام بەداخەو زۆر لە گۆرانیبێژە کوردەکان تەنیا خۆیان نمایش دەکەن.

*** بەڵام ئەوانەی ئەم جۆرە گۆرانیانە دەڵێن بە مۆدێرنی دادەنێن، ئایا تۆ دژی کاری نوێ و مۆدێرنی؟**

- نەخێر ئێمە دەتوانین شتی نوێ پێشکەش بکەین لە هەمان کاتدا خزمەتی کلتوری خۆیشمان بکەین، بەڵام مۆدێرن ئەوە نییە کە تۆ لەشی خۆت نمایش بکەی و بە کارێکی نوێ و هاوچەرخی دابنێی .

*** بۆ هونەرمەند چ گرنگە تاکو سەرکەوتوو بێ؟**

- هونەر کارێکی ئاسان نییە و زۆر شتی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی هونەرمەند سەرکەوتوو بێت لەوانە: جوانی، ئەدا کردن، شارەزایی لە هەڵبژاردن و زانینی موزیك و تەکنیك، هەروەها چۆنیەتی پێشخستنی هونەری خۆت و خزمەت کردن بە گەلەکەت بکەیت و جەماوەری خۆت رازی بکەی ئەمانە هەموویان گرنگن بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند.

***نیازی ئەوەت نییە گۆرانییەکەی دیکە دۆیۆ بڵێی؟**

- لەوبڕوایەدا نیم ئێستا کارێکی لەو جۆرە بکەم، رەنگە لە پاشەڕۆژدا لەگەڵ هونەرمەندان دەلیل، کاوە شەهریبان، فاتێ کارێکی دۆیۆ یان بە یەکەوە ئەنجام بدەم، بەڵام جارێ بە نیاز نیم، چونکە لە گۆرانی ( گەریانەك) وەك تێست دەنگی منیان تۆمار کرد وهەر ئەوتێستەیان لە گۆرانییەکەدا دانا بێ ئەوەی من رازی بووم.

*** دەتوانین بڵێی تۆ لەم گۆرانییە رازی نەبووی؟**

- نەخێر من ناڵێم رازی نیم، بەڵام لە دانانی تێستی دەنگم رازی نەبووم، چونکە کە یەکەم جار هۆنراوەکەم خوێندەوە وەك تێست بێ ئەوەی پرۆڤەش بکەم، بەڵێنی ئەوەیان پێدام دووبارەی بکەمەوە ئەوەش نەبوو و ئەگەر دووبارەم بکردبایەوە زۆر باشتر دەبوو.

*** بەڵام سەرەڕای ئەمەش گۆرانییەکە سەرکەوتوو بوو؟**

- هۆی سەرکەوتنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆرانییەکی نەتەوەیی و پڕ مانا بوو هەر ئەمانەش وایان لێکردم پێی رازی بم.

*** کردنەوەی کەناڵی (TRT٦) چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر کوردانی باکوور؟**

- من نامەوێ بە ناوی کەسەوە قسە بکەم دەربارەی کاریگەری ئەم کەناڵە، داوایان لە منیش کرد بەرنامەیەکی تایبەت دابنێم و تێیدا گۆرانی بڵێم و هونەرمەندیش داوەت بکەم، من ئەوەم رەتکردەوە، رەنگە خزمەت بە کوردی نەکات، تامی زمانی کوردی زۆر تێدا بەدی ناکرێت، کە داوایان لە من بچم بۆ کەناڵی ( TRT٦ ) گوتم بە جلوبەرگی کوردییەوە دەچم، گوتیان : بیری لێدەکەینەوە، بەڵام ئەگەر مەمنونی من نەبن ناچم.

***ئایا ئامادەی بۆ بارودۆخێکی تایبەت واز لە گۆرانی گوتن بهێنی؟**

- بەر لە هەموو شتێك من پشت و پەنام تەنیام خوایە، دایك و باوك و برا خزم و کەس و پارە و سەروەت زۆر بەهانای هونەرمەندەوە کەسەوە نایەن، تا ئێستا من زۆر بارودۆخی سەختم تێپەڕ کردووە و دەتوانم بڵێم بۆ ماوەی هەشت ساڵ خەریکی گریان بووم، بەڵام ئێستاش ئامادەم بۆ رووبەرووبوونەوەی گرفتەکان و واز ناهێنم لە هونەر بە هەرشێوەیەك بێت.

**شورەییە بۆ هەر ئافرەتێکی کورد هەوڵ بدات لەشی خۆی نمایش و جوانی لە دەستبدا، پێویستە گۆرانیبێژی ئافرەت ریکلام بۆ دەنگی خۆی بکات**



تۆنی کەیوان بۆ گوڵان:

# گۆرانی فۆلکلۆری روحی هونەری هەموو میللەتێک

تۆنـــی کەیوان یەکێکە لەو گۆرانیبێژە لوبنانیانەی کە بە گوتنی گۆرانی فۆلکلۆری لوبنانی ناوبانگی دەرکردووە و تا رادەیەکی زۆر لە بوارەدا سەرکەوتوو بووە بەجۆرێك کە باس لە گۆرانی فۆلکلۆری لوبنانی دەکرێت یەگســـەر باس لە تۆنی کەیوان دەکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی هەندێك جـــار گۆڕانکارییەکی بچووکی تێدا کردووە، بەڵام تامی خۆی هەر دەمینێت، بەر لە ماوەیەك پەیوەندیمان پێوە کرد بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانین دیمانەیەکی لەگەڵدا ســـاز بکەین، ئەو کاتە خۆی لە دەرەوەی لوبنان بوو یەکێك لە یاریدەدەرکانی وەڵامی دایەوە کە خۆم پێی ناساند خۆشـــحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی کە گەڕاوە پێی دەڵێم، دواتـــر کە پەیوەندیمان پێوەی کرد ئامادە بوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

*** گۆرانـــی گوتن بە شـــێوازی میللی یان فۆلکلۆر لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

- بێگومـــان هەر جـــۆرە گۆرانییەك شـــێوە و ژینگـــەی تایبەتـــی خۆی هەیـــە، من لە ژینگەیەکـــی وا پەروەردە و گـــەورە بووم کە گۆرانی میللـــی و فۆلکلـــۆری تێیدا زاڵە، ئەمەش وایکرد کە زیاتر روو لەو جۆرە شـــێوازە بکەم و سوپاس بۆ خوا تێیدا سەرکوتوو بووم.

*** پێـــت وانییە هونەرمەنـــد دەبێ لە زۆربەی ستایلەکاندا خۆی تاقی بکاتەوە؟**

- من دەڵێم پێویســـتە هونەرمەند شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە هەموو جۆرە ستایلەکان، بەڵام مەرج نییە بە هەموویان گۆرانی بڵێ، چونکە ئەگەر یەك ســـتایلی هەبێت ئاسانتر دەتوانێت تێیدا ســـەرکەوتوو بێت، ئەو هونەرمەندەی کە ئاواتی هەبێت و بە حەزەوە کار بکات لە هەمان کاتدا هاندانیشـــی هەبێت بێگومان سەرکەوتوو دەبێت سەرکەوتنیش جەماوەر دیاری دەکات.

*** تۆ هەر بەوشێوەیە بەردەوام دەبی؟**

- بەڕای مـــن گۆرانی فۆلکلـــۆری روحی هونەری هەموو میللەتێکە و بێ گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر هونـــەر پێش ناکەوێت، بەڵام لێرە من مەبەســـتم ئەوەی نییە کـــە گۆرانی نوێ یان ســـتایلەکانی دیکە فەرامۆش بکرێت پێویستە هاوســـەنگییەك هەبێ، چونکـــە هەردووکیان جەماوەری خۆیان هەیە، من بە گۆرانیبێژێکی میللی و فۆلکلۆری ناســـراوم و تا بتوانم ئەم جۆرە گۆرانیانە دەڵێـــم، بەڵام مەرج نییە هەر لەو شـــێوەیە بڵێم، ئەو گۆرانییـــە میللیانەی من دەیانڵێم بۆم دەرکـــەوت کە نامرن ئەمەش لـــە کاردانەوەی جەمـــاوەرەوە دیـــارە، لە هەر شوێنێك گۆرانی بڵێم حەماسێکی زۆر جەماوەر دادەگرێـــت و لەگەڵ مـــن دەیڵێنەوە، هەروەها فۆلکلۆری ئێمەی لوبنانی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە من و چەندانی تر دەتوانین تەنیا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بڵێینەوە.

*** سەرکەوتن لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بە پلەی یەکەم خۆشەویســـتی جەماوەر کە ئەمەش هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی هونەرمەند زیاتر تواناکانی خۆی پێ بگەیەنێت بۆ ئەوەی دڵی جەماوەر رازی بکات.

*** هیـــچ جاوازییەك هەیە لەنێـــوان گۆرانی میللی و گۆرانی ئاسایی؟**

- وەکـــو هونەر جیاوازییەکـــی ئەوتۆیان نییە، چونکە ئەو کەســـەی کارەکـــەی دەکات پێی دەڵێـــن گۆرانیبێژ ئەوانەی پـــۆپ و رۆك و راپ و جازیش دەڵێـــن پێیان دەڵێن گۆرانیبێژ، بەڵام شـــێوازەکەی جیاوازە و گۆرانی میللی و فۆلکلـــۆری نەگـــۆڕە تەنیـــا دەتوانرێـــت گۆڕانگارییەکی بچووکی تێدا بکرێت

***چ گۆرانییەك بووە هۆی ئەوەی زیاتر بناسرێی؟**

- من زۆر گۆرانیم گوتووە کە جەماوەر بەو گۆرانیانە بانگم دەکەن، بەڵام گۆرانی (بدك بدك) یەکێك لە گۆرانییە ناودارەکانم چونکە بەشێوەیەکی زۆر جوان و ساکار کلیپ کرابوو و ئاواز و هۆنراوەکەشی ئاسان بوو لای گوێگران.

***ئەو گرفتانەی دووچاری هونەرمەند دەبنەوە زیاتر چین؟**

- من سەرەتا دووچاری هەندێك گرفت بوومەوە کە پەیوەندییان بە هەمو لوبنانەوە هەبوو، بەڵام دواتر ئەو بارودۆخە ناخۆشە بەسەر چوو، سوپاس بۆ خوا تا ئێستا من زۆر دووچاری پروپاگەندەی میدیاکان نەبوومەتەوە وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکە.

***ئێستا دیاردەی زۆربوونی هونەرمەندان سەریهەڵداوە لە زۆر شوێن ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- بێگومان هەموو لایەك هەستی پێدەکەن، من ئاگادارم لەوەی رەخنەی زۆر ئاراستەی ئێمەی لوبنانی دەکرێت، بەڵام من پێموایە ئەمە بۆ خۆشەویستی خەڵکی لوبنان بۆ هونەر دەگەڕێتەوە ئەمەش مافێکی ئاساییە.

*** کەناڵە ئاسمانییەکان چ رۆڵێکیان هەیە لە زۆربوونی هونەرمەندان؟**

- بێگومان زۆربوونی ئەم کەناڵانە بۆتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند بە ئاسانی بناسرێت لە لایەن جەماوەرە واتە بۆ هونەرمەند سوودی هەیە، رەنگە هەموو کەناڵەکانیش کاری باش و سەرکەوتوو پێشکەش نەکەن واتە مەرج نییە هەر شتێك لەم کەناڵانە نمایش بکرێت بە دڵی جەماوەر بێت و جەماوەریش ئازادە سەیریان بکات یان سەیریان نەکات .

*** بۆچی زۆر لە لوبنانییەکان بۆ سەرکەوتنی کلیپەکانیان پشت بە ئافرەت دەبەستن؟**

- راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە هەموو هونەرمەندێك حەز دەکات کە گۆرانییەکی تۆمار کرد بیکات بە کلیپ بۆ ئەوەی زیاتر لای جەماوەر بناسرێت، ئاشکرایە ئافرەتیش جوانییەکی زیاتر بە کلیپ دەبەخشێت، بەڵام پێویستە کلیپەکە سیناریۆیەکی باشی بۆ بکرێت و تەنیا پشت بە ئافرەت نەبەستێت، دەبێ ئەوەش بزانین هەر کەسێك ئازادە چی پێشکەش بکات.

***ناوبانگ بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- بەدەستهێنانی ناوبانگ و ناسراوی لەناو خەڵکدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی لەمە زەحمەتترە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەو ناوبانگەی خۆمان بپارێزین بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆر لە هونەرمەندان ناوبانگیان هەبوو، بەڵام ئێستا کەس هەر لە یادیشی نەماون مانەوەش بەسەرکەوتوویی پێویستی بە ئەرك وماندووبوونێکی زۆر هەیە.

*** ئایا گۆرانی میسری یان لوبنانی کامەیان لە پێشەوەیە؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەتە، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین لە وڵاتانی عەرەبی تەنیا میسری و لوبنانی گۆرانی ناڵێن، لە تونسی و مەغریب و کەنداویش گۆرانیبێژی زۆر سەرکەوتوو و بەناوبانگ هەیە کە زۆریان لە ئێمە لە پێشترن بەتایبەتی لە کەنداو، بەڵام زۆر لە خەڵکی لوبنان ئەوەندەی گوێ لە گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم و ئوم کەلسوم دەگرن ئەوەندە گوێ لە لوبنانییەکان ناگرن بە هەمان شێوە لە میسریش خاتوو فەیروز و وەدیع ئەلسافی و چەندانی تر خاوەن جەماوەرێکی زۆرن.

*** کێ بە نموونە بەرزی خۆت دەزانی؟**

- لوبنان وڵاتی هونەرمەندە هەرە گەورەکانە بۆیە دەتوانم بڵێم زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی لوبنان کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە.

*** سازکردنی ئاهەنگ بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- بێگومان ئاهەنگەکان دەبنە هۆی ئەوەی هونەرمەند بەردەوام لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ جەماوەر بەمەرجێك ئاهەنگێکی جەماوەری بێت واتە رادەی ئامادەبوونی جەماوەر زۆر بێت لە ئاهەنگەکەیدا نەك زۆر سازکردنی ئاهەنگ، بەڵام هەرچۆنێك بێت هونەرمەند پێویستی بە ساز کردنی ئاهەنگ هەیە بۆ ئەوەی لەرووی ماددیەوە یارمەتی بدات.

*** لەچەند شوێن ئاهەنگت سازکردووە؟**

- لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان ئاهەنگم سازکردووە و بەشداریم لە فیستیڤاڵەکاندا کردووە، بەڵام زۆربەی ئاهەنگەکانم لە لوبنان بوون، ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە خەڵکی لوبنان فۆلکلۆر و گۆرانییە میللییەکانی خۆش دەوێت.

*** گوێ لە گۆرانییەکانی خۆت دەگری؟**

- نەخێر زۆر گوێی لێناگرم، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی گۆرانییەکانم فۆلکلۆرین حەز دەکەم خەڵکی شارەزا گوێی لێبگرن بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە نەوەك هەڵەی تێدا بێت کە ببێتە هۆی شێواندنی .

*** ئایا چ زانیارییەکت هەیە دەربارەی هونەری کوردی؟**

- زانیارییەکانم زۆر نییە، بەڵام بەر لە ماوەیەك لە لوبنان کوڕێکی کوردم ناسی کە دانیشتووی لوبنانە ئێستاش پەیوەندیمان هەر ماوە، ئەو کوڕە زۆر باسی کوردی بۆ دەکردم دەیگوت: کورد میللەتێکە لە تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق دەژین، هەروەها باسی هونەر و کلتور و فۆلکلۆری کوردی بۆ دەکردم ناوی چەند هونەرمەندێکی کوردیشی بۆ هێنام، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە بیرم نەماون، بۆیە تا رادەیەك زانیاریم هەیە دەربارەی گەلی کورد.

*** هونەرمەندانی کورد چۆن دەتوانن لەسەر ئاستی عەرەبی بناسرێن؟**

- لەبەر ئەوەی پەیوەندی راستەوخۆ هەیە لەنێوان کورد و عەرەب لە عێراق و سوریا پێموایە ئەمە کارێکی زەحمەت و ئەستەم نابێت.

**ئەوەی بە حەزەوە کار بکات لە هەمان کاتدا هاندانیشی هەبێت سەرکەوتوو دەبێت ، سەرکەوتنیش جەماوەر دیاری دەکات**



دەشنێ:

# خۆشەویستی دوا شتە کە بیری لێ دەکەمەوە



**دەشنێ موراد لە ڕێگای بەرنامەی بێ کۆنترۆڵەوە کە لە شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردستانەوە پێشکەش دەکرا لە لایەن جەماوەر لە کوردستان و ئەورووپا ناسرا، چونکە بەرنامەکە سەرکەوتوو بوو، دەشنێ لەناکاو دەستی کرد بە گۆرانی گوتن و لە ماوەیەکی زوودا سیدییەکی بڵاوکردەوە و بەر لە سیدییەکەش یەکێك لە گۆرانییەکانی بەشێوەی ڤیدیۆ گلیپ بڵاوکردەوە کە لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی مشتومڕێکی زۆری دروست کرد، هەندێك کەس ڕەتیان کردەوە بە بیانووی ئەوەی هیچ پەیوەندیی بە هونەری کوردییەوە نییە لە ڕووی مۆسیقا تێکست لە هەمان کاتدا شێوەی تۆمارکردنی کلیپەکەش لەگەڵ دابونەریتی کوردەواری ناگونجێت، لە بەرامبەردا خەڵکانێك بەکارێکی باشیان وەسف کرد و دەستخۆشیشین لە دەشنێ کرد بە دەستپێشخەرییەکی پێویستیان دانا، سەبارەت بەم بابەتانە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ دەشنێ موراد ساز بکەین.**

دیمانە:هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com

***ئەلبوومی هێلاهۆپ لەلایەن جەماوەرەوە چۆن پێشوازی لێکرا؟**

_یەکەم جار لە کوردستانەوە زیاتر لە ئەورووپا دەستخۆشیم لێکرا کەچی بەپێچەوانەوە لەوێ زیاتر گوێ دەگرن لەستایلی پۆپی مۆدێرن و دانس. من ئەمەم پێ سەیر بوو دیارە نەیاندەویست لە کوردستانیش کەسێك هەبێت بەو ستایلە گۆرانی بڵێت، بەڵام دوای نزیکەی مانگێك چووە ناو دڵی خەڵکەوە و زۆر پێم خۆش بوو، بەڵام من سوپاسی کوردستان ئەکەم کە زۆر بەجوانی وەریان گرت.

***بەرهەمەکەت ستایلێکی نوێ بوو، مەبەستی تۆ لە گۆرانی گوتن بەو ستایلە چی بوو؟**

_ئەگەر تۆ هونەرمەندێك بیت بۆ ماوەی حەفت ساڵ بەجۆرێك گۆرانی بڵێی و دواتر بێی بەشێوەی ستایلی مۆدێرن گۆرانی بڵێی ئەوا زەحمەتە بچێتە ناو دڵی گوێگرانەوە لەبەرئەوەی تۆ بە ستایلی پێشتر ناسراوی وەك چۆن هونەرمەندێك حەفت ساڵ بەجلی کوردی کە زۆر پیرۆزە گۆرانی فۆلکلۆری بڵێت لە پڕ بێت گۆرانی مۆدێرن بڵێت ئەو کاتە لەوانەیە خەڵك سیدییەکەی نەکرێت لەبەر ئەوەی بە جۆرێکی تر ناسیویانە و هەتاکو ئاشنا دەبن بەستایلە نوێیەکەی زۆری پێدەچێت. بەڵام ئەوە بۆمن جیاواز بوو لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە منیان بە مۆدێرن ناسی لەڕێگای بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ بۆیە ستایلەکەم شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو.

***بەرنامەی بی کۆنتڕۆڵ تاچەند کاریگەری هەبوو لەسەر دەشنێ؟**

_زۆر زۆر کاریگەری هەبوو لەبەر ئەوەی بەهۆی بی کۆنتڕۆڵەوە خەڵکەکە زانیان من بۆچی بەو شێوەیە گۆرانی دەڵێم و هەر لەو بەرنامەیە دیار بوو من کێم.

لەم کاتەدا خۆشەویستی دوا شتە کە بیری لی دەکەمەوە

***لەیلا فەریقی لەدیمانەیەك دا دەستخۆشی لەتۆ دەكات تۆ دەتەوی چی پی بڵێی؟**

_ئێمە تەلەفۆنمان بۆ یەك كرد و دەستخۆشی لی كردم، كاتی خۆی پێش ئەوەی بیناسم لە یەك دوو دیمانە باسم كرد وتم واو لەو دەنگە، واو لەو جوانییە، واو لەهەموو شتێكی من زۆر سوپاسی دەكەم لەبەر ئەوەی بەڕاست هونەرمەندێكی پرۆفیشناڵە و كچە پاشایەكی گۆرانی بێژە، بۆیە ئەگەر ئەو دەستخۆشی لەمن بكات ئەوە هاندەرێكی بەهێزە بۆ بەردەوام بوونی من. وەك خۆی بە منی گوت كارێكم كرد كە نوێ بوو تۆ دەبێت شتی لەمن باشتر بكەیت منیش گوتم واو هیچم پی نەما ئەگەر بۆ كەس نەبێت حەز دەكەم بۆ لەیلا فەریقی شتی جوان بكەم و بەردەوام بم.




***بەنیاز نیت بە زمانی تر گۆرانی بڵێیت؟**

_زۆر حەز دەكەم خەونی من ئەوەیە بە ئینگلیزی گۆرانی بڵێم بەڵام ئێستا حەز دەكەم هونەری خۆم بە كوردی پێشكەش بكەم. لەداهاتوودا ئەگەر دەرفەت هەبێت ئەوا زۆر پێم خۆشە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە پەلەی لی نەكرێت و هەنگاو بە هەنگاو بێت ئەویش بەوەی چۆن پلان دابنێم و ئیشەكان بكەم لەبەر ئەوەی ئەگەر بەهێواشی و وریایی نەبێت تووشی هەڵە دەبم.

***ئەی چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەدەیەوە كە لە تۆی گیران بەهۆی ئەلبوومی هێلاهۆپ؟**

_بێگومان ناتوانی وا بكەی هەموو كەسێك هاوڕێت بێت، یەكێك ڕقی لێتە و یەكێك خۆشی دەوێی. من ئامانجێكم هەبوو ئەویش ستایلێكی نوی بوو بۆ گروپێك گەنج كە حەزیان لەو ستایلەیە نەك بۆ هەموو كوردستان یان بۆ كوردانی ئەوروپا. بێگومان كەسانێك یەكەم جار هەندێك تووڕەبوون خۆ من بەرهەمەكەم بۆ ئەوان نەكردووە لەلایەكی تر ئەوانیش لەوە ڕانەهاتوون كە تازەگەری بێتە ناو هونەری كوردییەوە، هەموو كاتێك گۆڕانكاری لەهەموو بوارێك دا زەحمەتە.

***كاتەكانی ڕۆژ چۆن دابەش دەكەیت؟**

_كە لەكوردستانم زۆر ناخۆشە دەبێت بەیانی زوو لەخەو هەستم،هەزار و یەك كارم هەیە هەتا درەنگانی شەو. كاتی نان خواردن و خەوتنیشم دیار نییە،شەو هەیە دوو كاتژمێر دەخەوم، بۆنموونە شەوی ڕابردوو دوو كاتژمێر خەوتووم. بەڵام كە لە ئەوروپام پلان بۆ خۆم دادەنێم، سی ڕۆژم تەرخان كردووە بۆ كاركردن لەبەرنامەكەم، ڕۆژێك تەنیا لەگەڵ هاوڕێكانم دەبم، ڕۆژێك دادەنێم بۆ دانیشتن لەماڵەوە لەلای دایك و باوكم. واتە لەوی هەوڵ ئەدەم هاوسەنگیەك هەبێت لەدابەش كردن كات دا بەڵام لێرە ناتوانم.

***بەنیازیت لەرێگای چ بەرنامەیەكەوە بێیتەوە سەر شاشەی تەلەفزیۆن؟**

_دوو بەرنامە لە كەناڵ كۆڕەك،ئێستا (كۆڕەك ستار)م تۆمار كردووە بۆ دوو مانگ لەو بەرنامەیەدا پێشكەشكارم، هەروەها بەرنامەی خۆم هەیە لە ئەوروپا بەناوی (دەشنی شۆ ) ئەویش بۆ كەناڵی كۆڕەك تیڤییە كە لەئامادەكردنی خۆمە،كۆڕەك تیڤی ئەو بڕوایەی داوە بە من بۆیە ئەتوانم بەسەركەتوویی پێشكەشی بكەم.

***ئەی لەبارەی فیلمی سینەماییەوە هیچ پرۆژەیەكت لەپێشە؟**

_بەڵی شتێك لەبەرنامەم دایە لەوانەیە مانگی حەفت بۆ هەشت كاری لەسەر بكەم.

***دەشنێ گوێ لە دەنگی كام گۆرانیبێژ دەگرێت؟**

_لە ئینگلیزیەكان بیۆنسی و جنیڤەر لۆپێز و شاكیرا، باسی شاكیرام كرد شتێكم هاتەوە یاد جارێك چاوپێكەوتنێكیان لەگەڵ كردم من گوتم حەز ناكەم ببم بە شاكیرا لەناوەڕۆكی چاوپێكەوتنەكەش وەها نووسرابوو، كەچی بە مانشێتیكی گەورە بەناوی من نووسیبوویان حەزدەكەم ببم بە شاكیرا. تەلەفۆنیشم بۆیان كرد هەر ڕاستیان نەكردەوە ئەوەم زۆر پی ناخۆش بوو. لەگۆرانیبێژانی كورد ئەیوب عەلی، لەیلا فەریقی، هەڵدێر، میرا، لە عەرەب نانسی عەجرەم، كارول سەماحە، هەروەها ئەلبوومە نوێیەكەی فەزڵ شاكر زۆر بەدڵمە جگە لەوانەش عەمرو دیاب زۆر بە دڵمە و هەر ئەمێنێتەوە لای من، بەڵام بەداخەوە ئەم ماوەیە بەرهەمی نوێی نییە. رامی عەیاش یەكێكی ترە لەوانەی گوێیان لی دەگرم.

**ئەی زیاتر سەیری كام كەناڵ دەكەی؟**

_ كە لەكوردستانم بچمە هەرشوێنێك لەسەر میلۆدی و ڕۆتانا دایان ناوە منیش ناچارم سەیری بكەم و لەجیاتی كوردی فێری عەرەبی دەبم، بەڵام كە لە ئەوروپام بەردەوام سەیری كەناڵی كوردی دەكەم.

***چۆن پێناسەی خۆشەویستی دەكەی؟**

_لەم كاتەدا خۆشەویستی دوا شتە كە بیری لی دەكەمەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر یەكێك بێتە سەر ڕێگات تۆ زۆر بیر لەكارەكەت ناكەیەوە، جارێك ئەوە لە من ڕوویدا منیش بڕیارم داوە تا پێنج شەشساڵی تر خۆشەویستی نەكەم.

***ئەی لەگەڵ وەرزش كردن پەیوەندیت چۆنە؟زیاتر چ یاریەك دەكەیت؟**

_ئێستا بۆ وەرزش كردن زۆر خراپم، وەك دەمبینی ئەم ماوەیە قەڵەو بوومە و نزیكەی پێنج كیلۆ كێشم زیادی كردووە، زۆر خەفەت لەوە دەخۆم، بەڵام كە چوومەوە دەبێت هەر خەریكی وەرزش بم.

لە ئەوروپا پێشتر زیاتر دوو گۆڵیم دەكرد، بەڵام ماوەی دووساڵە هەموو ڕۆژێك یەك كاتژمێر دانس دەكەم، لێرە ئەوەشم پی ناكرێت.

***لەگۆرانییەكانت زۆر دانس دەكەیت چۆن فێر بووی؟**

_من لەمنداڵییەوە دانس ئەكەم. زۆرسەیری دانسی ئەوروپیەكانم كردووە و سوودم لێیان وەرگرتووە. دوو ساڵ پێش ئێستا لە یۆنان خەڵاتێكم لە دانس بەدەستهێنا. بەزۆری لەماڵەوە بایەخ بە دانس ئەدەم.

***خۆشترین یادگاریت چییە؟**

_خۆشترین یادگاریم ئەوەبوو كە لەگەڵ خوشك و براكەم بۆ گەشت چووین بۆ یۆنان دوو هەفتە مۆبایلم پی نەبوو، هیچ خەمم نەبوو. چووین بۆ كەنار دەریا و گوێمان لە گۆرانی خۆش دەگرت و خواردنی خۆشمان دەخوارد.

***لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبیت؟**

_بەڵی بێگومان، هەر لەئێستاوە كار بۆ ئەلبوومی دووەمی خۆم دەكەم.

**لەئێستاوە كار بۆ ئەلبوومی دووەمی خۆم دەكەم**